**بەش** ڕاگەیاندن

**كۆلێژ** ئاداب

زانكۆی سەلاحەددین

بابەت: میدیایی نوێ

**پەرتووكی كۆرس – بۆ نموونە (سالًی2)**

**ناوی مامۆستا** ئازاد عبدالعزیز محمد/ **بكالوریۆس و ماستەر و دكتۆرا**

**ساڵی خوێندن:2023/2022**

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| **1. ناوی كۆرس** | میدیایی نوێ |
| **2. ناوی مامۆستای بەر پرس** | ئازاد عبدالعزیز محمد |
| **3. بەش/ كۆلێژ** | ڕاگەیاندن/ ئاداب |
| **4. پەیوەندی** | **ئیمێل:** Azad.mohammed1@su.edu.krd **ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو): 07504493630** |
| **5. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | **بۆ نموونە تیۆری: 4** |
| **6. ژمارەی كاركردن** | **شةش(6) ساعات** |
| **7. كۆدی كۆرس** | |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | **لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەکادیمی خۆی (تەنها ئەکادیمی) یان ئاماژە بەWebpage، Blog، Moodle دەكات** |

| | |
|---|---|
| لە ساڵی 2006 لە کولیژی ئەدەبیات لە بەشی ڕاگەیاندن وەك قوتابی وەرگیراوە لە ساڵی 2010 بڕوانامەی بەکلۆریوس لە بواری ڕاگەیاندنی بە دەستهێناو، لە ساڵی 2014 بڕوانامەی ماستەر لە بواری ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیم لە بەشی ڕاگەیاندن، کولیژی ئەدەبیان لە زانکۆ سەلاحەدین بەدەستهێناوە، ئێستاش وەك مامۆستا لەو بەشە وانە دەڵێمەوە. لە ساڵی 2022 براوانامەی دکتورا دکتۆرای لە هەمان بەش وەرگرتووە. | |
| **میدیای نوێ، وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان، تەلەفزیۆنی ئینتەرنیتی، ڕادیۆی ئینتەرنێتی ، فەیسبووك، تویتەر، یوتیوب، پۆدکاست و ویکی، تیك تۆك...** | **9. وشە سەرەکییەکان** |

## 10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

پێشکەوتنی تەکنەلۆژییە نوێیەکانی پرۆسە پەیوەندی کە ئێستا دەستراگەیشتنی بە تۆڕە زانیاریی بۆ ملیۆنەها کەس لە جیهاندا هێناوەتە ئاراوە، سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی و دوابەدوا پەیدابوونی زاراوەی نوێ وەکو میدیای نوێ وەك شوێن گرەوەی میدیای کلاسیکی، هەروەها وێبسایتی هەواڵی و سیاسی و ئابۆری، ڕۆشنبیری...تاد بۆنەتە مایەی وەرچەرخانێکی گەورە لە گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکان.

لێرەدا گرنگیدان بەم تەکنەلۆژیایەی ژمارەی و میدیای نۆێ خوێندنی وەك کورس، نوێترین تێروانینە تیۆرییەکان لەوبارەوە دەخاتەڕوو، ئەمە وەك پێداویستییەکی ئەکادیمی و هەم پیشەییشە بۆ قوتابیان کە زانیارییەکی باشیان هەم لە شێوەی پراکتیکی هەمیش وەك لایەنی تیۆری زانیاری لێوەربگرن.

بەشێوەیەکی گشتی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی بۆتە ئەو ئامرازە گرنگ و پڕ بایەخەی کە جومگە و کایەکانی کۆمەڵگە ناتوانن لە خزمەتگوزارییەکان وئەو سوودە زۆرانەی کە حکومەتەکان، حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمپانیا و ناوەندە بازرگانی و ئابوورییەکان، میدیاکان بوونەتە ئاوێنەیەك هەموو ئەمانە بەشێلە سوود و بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا دەبینێتەوە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە میدیاکان بوونەتە پردێك بۆ بەیەك گەیاندنی ڕوانین و داوای هەر یەك لەو جومگانە بەوانی دیکە و لەڕووخساندنی زەمینەیەکی گونجاو و لە بار بۆ گفتوگۆ و کارلێکردنی چەند لایەنە، هەر بۆیەش پسپۆڕانی بواری کومیونیکەیشن بەوە وەسفی میدیا دەکەن کە هاوشێوەی خوێنی جەستە، خۆراك و ئۆکسجین لە دڵەوە دەگەیەنێتە تەواوی ئەندامەکانی جەستە.

قوتابی لە وەرگرتنی تەواوی کورسەکە تا ئاستێکی باش دەتوانێت شارەزایەکی باش لە بەکارهێنان و نووسین لە میدیای نوێ و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و ێبسایتەکان ببێت، ئەمەش ببینێتەوە.دەرفەتێك بۆ قوتابی لە دوارۆژ دەرخسێنێت بۆ ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن چ ئەهلی یان حکومی شوێنێك بۆ خۆی.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**قوتابیان شارەزایی و زانیارییان هەبێ لە بایەخ و گرنگی میدیای نوێ و دەرهاوێشتەکانی کە ئەمرۆ لە بواری گەیاندنی زانیاری شوێن و جێگای ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن ئەگەر هەمووشی نەبێ تارادەکی باش گرتوتەوە.**

**بزانن کە میدیای نوێ دەرهاوێشتەکانی ڕەگ و ڕیشەی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگایە و بۆتە مەیدانێکی بەرفراوانی جەماوەری بۆ ئالۆگۆرکردنی وتاری فرەجۆی لەسەر پرس و بابەتە هەنووکەییەکان.**

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

**لێرە ئەرك و بەرپرسیارێتی قوتابی خوێندکار سەبارەت بە کۆرسەکە پێویستە لە تەواوی وانەکان ئامادەبوونی هەبێت ، لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوونی وا لە قوتابی دەکات لە وانەکە دابڕێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر قوتابی دروست دەکات لە کاتی لە تاقیکردنەوەکاندا، هەروەها ئەو داوا کاریانەی لە مامۆستا بە قوتابیان دەسپێردێت وەك سیمینار و نووسین ڕاپۆرت و ووتار نووسین... هتد.**

13. ڕێگەی وانە ووتنەوە **ئێمە بۆ وانە وتنەوە، پشت بە داتاشۆ و پاوەرپۆینت و تەختەی سپی دەبەستین**

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**ئێمە بۆ دابەشکردنی نمرەکان بەم شێوەیە نمرەکان دابەشدەکەین تاقیکردنەوەی مانگانە ، کویز و هەروەها سیمینار و ڕا پۆرت دروست کردن لە لایەن قوتابییەوە**

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

ئەم ماددەیە یەکێکە لە ماددە گرنگەکانی بەشی ڕاگەیاندن، پێویستییەکی زۆری قوتابیانی ئەم بەشە بەدی دێنێت، لەوەی کەوا زانیاری دروست و پێویستیان لە بارەی هەر یەکە لە میدیای نوێ و ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بە یەکەوە دەخاتە بەر دەست.

**16. لیستی سەرچاوە**

- **سەرچاوە بنەڕەتییەکان**


1- د. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید، کێشەکانی میدیا لە هەرێم..ئاسەوار..ڕێگە چارە، زنجیرە کتێبی گۆڤاری گوڵان، هەولێر 2019.

2- - د. یەحیا عومەر ریشاوی، د. رێبەر گۆران، میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی زانیاریدا، بڵاوکراوەکانی تۆری ئەکادیمیا و دیالۆگ، سلێمانی، 2020.

3 - هەردەوان محمود کاکە شێخ، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی پرسی میدیا، هەولێر، 2015.

4 د. علي حجازي ابراهيم، الاعلام البديل، دار المعنتر للنشر والتوزيع، عمان، 2017.

5- عبدالرزاق محمد الدليمي، مدخل الى وسائل الاعلام الجديد ، دار الميسرة للنشر،عمان، 2012.

6- صلاح محمد عبدالحميد، الاعلام الجديد، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة، 2012.

7- عبدالرزاق محمد الدليمي، الاعلام الجديد والصحافة الالكترونية، دار وائل للنشر،عمان، 2011.

8 -سعد بن محارب المحارب، الاعلام الجديد في السعودية، جداول للنشر والتوزيع، بيروت.2011.

9- شيرين خليفة، الإعلام الجديد، ورقة بحثية في مساق الصحافة الإلكترونية، الجامعة الإسلامية، الجامعة الإسلامية- غزة. 2012.

10- عامر ابراهيم القندلجي، الاعلام والمعلومات والانترنت، دار اليازوري، عمان، 2013.

11-جليلة عبد الله خلف، الوظيفة الإخبارية للبوابات الإلكترونية، دار الكتاب الجامعي، العين- الامارات العربية المتحدة، 2014.

12- د. حسنين شفيق، الاعلام التافاعلي مما بعد التفاعلية، دار فكر و فن، مسر، 2010.

13- مصطفي يوسف كافي، الاعلام التفاعلي، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان, 2015

14- صادق حمە غریب، رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی پرسی میدیا، هەولێر، 2015.

15- عەبدولخالق ئیبراهیم، میدیای کوردی لە سەردەمی ئاسمانەکراوەکاندا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2014.


**سەرچاوەی سوودبەخش**


2- محمد سيد ريان، الاعلام الجديد، مركز الاهرام للنشر والترجمة والتوزيع، القاهر، 2012.

3-سعد بن محارب المحارب، الاعلام الجديد في السعودية، جداول للنشر والتوزيع، لبنان،2011.

4-عبدالامير الفيصل، دراسات في الاعلام الإلكتروني، دار الكتاب الجامعي، العين- الامارات العربية المتحدة، 2014.

5- عبدالامير الفيصل، مدخل في صحافة الانترنت، دار الكتاب الجامعي، العين- الامارات العربية المتحدة، 2014.

6-علي عبدالفتاح كنعان، الصحافة الالكترونية العربية، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، 2014.


| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
| --- | --- |
| **پێرستی وانەکان**<br><br>- **هەفتەی یەکەم: میدیای نوێ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی**<br>- **پێناسەی میدیای نوێ**<br>- **هۆکارە سەرەکییەکانی دەرکەوتنی میدیای نوێ**<br>- **زاراوەکانی میدیای نوێ**<br>- **هەفتەی دووەم:** | ناوی مامۆستا : ئازاد عبدالعزيز محمد<br>وەک: 4 کاتژمێر |

| | |
|---|---|
| | - تایبه تمەندییەکانی میدیای نوێ<br>- سیماکانی میدیای نوێ<br>- خەسلەتەکاتی میدیای نوێ<br>- هەفتەی سێیەم : بەشەکانی میدیای نوێ<br>- بەشەکانی میدیای نوێ<br>- رەگەزە پێکهێنەرەکانی میدیایی نوێ<br>- جۆرەکانی میدیای نوێ<br>- ئەرکەکانی میدیای نوێ<br>- خاڵە لاوازەکانی میدیای نوێ<br>- هەفتەی چوارەم: لایەنە خراپەکانی میدیای نوێ<br>- میدیای کۆمەڵایەتی و مومارەسەی هەندێ لایەنی ئەرێنی<br>- جیاوازی نێوان میدای کلاسیکس و نوێ<br>- هەفتەی پێنجەم : تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم.<br>- هەفتەی شەشەم:<br>رادیۆی ئینتەرنێتی<br>- پێناسەی رادیۆی ئینتەرنێتی<br>-دەرکەوتنی رادیۆی ئینتەرنێتی<br>-تایبە تمەندییەکانی رادیۆی ئینتەرنێتی<br>هەفتەی حەوتەم:<br>تویتەر:<br>- سەرهەلدانی<br>- پێناسەی<br>- تایبە تمەندییەکانی تویتەر<br>- هەنگاوەکانی رێکخستنی هەلمەتێکی کارا و سەرکەوتوو لە تیوتەر<br>- هیماکانی تیویتەر<br>- ئامۆژگارییەکانی بۆ بەکاربەری توتەر<br><br>- هەفتەی هەشتەم وییسایتە ئەلیکترۆنییەکان<br>- چەمك و پێناسەی وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان<br>- سەرهەڵدانی وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان<br>- بەشەکانی وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان<br>- هەفتەی نۆیەم : جۆرەکانی وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان<br>-ئەرکەکانی وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان<br>- خزمەتگوزارییەکانی وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان<br>- هەفتەی دەیەم: - تایبە تمەندییەکانی وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان<br>- کەموکورییەکانی وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان<br>- هەفتەی یانزدە: پێگەی فیسبووك |

| | |
|---|---|
| - پێناسەی<br>-سەرهەڵدانی<br>-ئەرکەکانی فیسبووک<br>- میکانیزمی کالیککردن لە نێوان بەشداربووانی فیسبووک<br>- هەفتەی دوانزدەیەم : - YouTube<br>- سەرهەلدانیYouTube<br>- پێناسەYouTube<br>-تایبە تمەندییەکانیYouTube<br>-خەسلەتەکاتیYouTube<br><br>- هەفتەی سێزدەیەم پێگەی ویکی<br>- سەرهەلدانی<br>- پێناسە<br>- تایبە تمەندییەکانی<br>-خەسلەتەکاتی<br>- هەفتەی چواردەیەم: تاقیکردنەوەی وەرزی دووەم<br>- - هەفتەی پازدەیەم: - بودکاست<br>- سەرهەلدانی بودکاست<br>- پێناسەی بودکاست<br>- تایبە تمەندییەکانی بودکاست<br>- خەسلەتەکاتی بودکاست<br>- هەفتەی شانزدەیەم : تەلەفزیۆنی ئینتەرنێتی<br>- پێناسەی تەلەفزیۆنی ئینتەرنێتی<br>-دەرکەوتنی تەلەفزیۆنی ئینتەرنێتی<br>-تایبە تمەندییەکانی تەلەفزیۆنی ئینتەرنێتی<br>- هەفتەی حەڤدەیەم: - تیک تۆک<br>- سەرهەلدانی تۆری کۆمەلآیەتی تیک تۆک<br>- پێناسە تیک تۆک<br>- تایبە تمەندییەکانی تیک تۆک<br>- خەسلەتەکاتی، لایەنە باش و خراپەکانی تیک تۆک | |
| 18. بابەتی پراكتیک (ئەگەر هەبێت) | هەیە |
| لێره مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراكتیكانە دەنووسێت كە بەنیازە بیڵێتەوە لە تیرمەكە. هەروەها كورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەكان وبەروار وكاتی وانەكە دەنووسێت.<br>**وانەی پراکتیکی**<br>**هەفتەی یەکەم**<br>-ئەنترنیت<br>- سایت و بەشەکەانی<br>- جیاوازی نێوان ئەپلیکەیشن و سایت | ناوی مامۆستا: م. سەرتیپ وەیسی کەریم<br>وەک: 2-4 کاتژمێر<br>2023/9/4<br><br>**وانەی پراکتیکی** |

هەفتەی دووەم
- میدیایی نوێ
-چۆنیەتی درووست کردنی ئەکاونت
- چۆنیەتی داخل بوون لە سایتەکان و بوون بە ئەندام
هەفتەی سێیەم
ئیمێل
- جۆرەکانی ئیمێڵ
- چۆنیەتی درووست کردنی ئیمێڵ
- جیاوازی نێوان ئیمێڵی تایبەت و ئیمێلی زانکۆ و ئیمێلی کۆمپانیا
هەفتەی چوارەم
گۆگڵ
- ئەپەکانی گۆگڵ و سوودەکانی
- خزمەتگوزاریەکانی گۆگڵ
هەفتەی پێنجەم
ناساندنی بەرنامەکانی کۆنفرانس ئۆنلاین
- جۆرەکانی بەرنامەکانی ئۆنلاین کۆنفرانس
- جیاوازی نێوانیان
- لەرووی بەکارهێنانەوە لە مۆبایل و کۆمپیتەر
هەفتەی شەشەم
بەرنامەی (زووم میتینگ)
- چۆنیەتی دابەزاندنی
- چۆنیەتی دروستکردنی رووم
- چۆنیەتی بەژداری کردن لە رووومی
هەفتەی حەوتەم
گۆگڵ میتینگ
- چۆنیەتی دابەزاندنی
- چۆنیەتی دروستکردنی رووم
- چۆنیەتی بەژداری کردن لە رووومی
حەفتەی هەشتەم
بەرنامەی FCC
- باسکردنێک لەسەر بەرنامەی FCC
- گرینگی بەرنامەی FCC
- چۆنیەتی دروستکردنی FCC
- چۆنیەتی درووست کردنی ئەکاونتی FCC
چۆنیەتی کارکردن لە بەرنامەی FCC
حەفتەی نۆیەم
فەیسبووک
- چۆنیەتی دروستکردنی ئەکاونت
- شیکردنەوەی بەشەکانی فیسبووک
- جیاوازی نیوان (پرۆفایل و پەیج و گرووپ )
حەفتەی دەیەم
تویەتر
- چۆنیەتی درووست کردنی ئەکاونتی تویتەر
- چۆنیەتی بەکارهێنان
- چۆنیەتی تویت کردن
حەفتەی یازدەم

هەفتەی یەکەم و دووەم و سێهەم: تایپۆگرافی و نوسینی تێکست لە میدیای نوێ

هەفتەی چوارەم: **گرافیک دیزاین و تیمپلێت لە میدیای نوێ**

هەفتەی پێنجەم: دروشم لە میدیای نوێ و دیزاینی لۆگۆ لە سۆشیال میدیا

هەفتەی شەشەم: **رەنگ لە میدیای نوێ و سۆشیال میدیا**

هەفتەی حەوتەم: **وێنە لە سۆشیال میدیا**

هەفتەی هەشتەم: **راپۆرتی بنکۆڵکاری لە میدیای نوێ**

هەفتەی نۆیەم: **کەمپێن لە میدیای نوێ**

**– تەسویقی ئەلیکترۆنی و سپۆنسەرکردن لە میدیای نوێ**

–فەیک نیوز و هەواڵی ساختە

–سەلامەتی دیجیتاڵی

هەفتەی دەیەم **–رۆژنامەگەری مۆبایل ( مۆبایل گۆرنالیزم)**

هەفتەی یانزدەهەم: **ئەپلیکەیشنەکانی رۆژنامەگەری مۆبایل**

هەفتەی دوانزدەهەم: **رەگەزە سەرەکییەکانی ڤیتی لە میدیای نوێ**

**–ڤیدیۆیی سۆشیال میدیا**

هەفتەی سێزدەهەم:

–رۆژنامەوانی زانیاری

–ئامرازە گرینگەکانی گەران بۆ رۆژنامەنووسان–هاووڵاتی رۆژنامەنووس

هەفتەی چواردەهەم:

–ئەبلۆد و پەبلیش لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان

–قەدەغەکراوەکانی میدیای نوێ

**بەرنامەکانی پەیوەندی کردن (ڤایبەر – واتس ئاپ )**
**- پێداوسیتەکانی درووست کردنی ئەکاونت**
**- خزمەت گوزاریەکانی ئەم ئەپانە**
**-چۆنیەتی کارپێکردنیان لەسەر مۆبایل و کۆمپیتەر**
**- چۆنیەتی درووست کردنی گرووپ و تایبەت مەندیەکانی گرووپ**
**حەفتەی دوازدەم**
**یوتوب**
**- چۆنیەتی درووست کردنی چەنالی یوتوب**
**- چۆنیەتی درووست کردنی ئەکاونتی بزنس**
**- بەشەکانی یوتوب و خاسلەتەکانی یوتوب (کرداری)**
**حەفتەی سێزدەهەم**
**سکایپ**
**- چۆنیەتی درووست کردنی ئەکاونتی تویتەر**
**- چۆنیەتی بەکارهێنان**
**- چۆنیەتی کارپێکرن و تیل کردن**
**-چۆنیەتی درووست کردنی گرووپ کال و کارپێکردنی**
**حەفتەی چواردەم**
**ماستەر کارت**
**- چۆنیەتی درووست کردنی ئەکاونتی ماستەر کارد**
**- چۆنیەتی کارپێکردن**
**- چۆنیەتی سپۆنسەرکردن لە پەیجەکان**
**حەفتەی پازدەهەم**
**تاقیکردنەوەی پراکتیکی**

هەفتەی پانزدەهەم:
–داتا ئەنەلایسس لە سۆشیال میدیا

ئامانجەکانی وانە

* لە پاڵ وانەی تیۆری فێربوونی بەکارهێنانی نوێترین ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بواری میدیا بەشێوەیەکی پراکتیکی.

* فێرکردنی قوتابیان لە جیاوازیکردن لە نێوان میدیای نوێ و میدیای کلاسیک لەرووی فۆرم و ئامراز و ناوەڕۆک و بڵاوکردنەوە.

* ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بازاڕی کار و دەزگاکانی راگەیاندن.

**19.** تاقیکردنەوەکان

**پ: پێناسەی میدیای نوێ بکە؟ پاشان باسی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی میدیای نوێ بکە؟ ؟وەڵامەکەت به نموونەوە بیخەڕوو.**

**وەڵام/ میدیای نوێ:**

**1- میدیای نوێ (New Media) یاخود میدیای ژمارەیی (Digital Media) دەستەواژەیەکەو هەموو هونەرییەکانی پەیوەندیکردن و زانیارییەکانی ژمارەیی لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەو بەکاربردن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەو زانیارییانەی کە دەمانەوێ لەو کات و بەو شـێوەیەی کە دەمانەوێ بەهۆی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان (هۆکارەکان) کە بە ئینتەرنێت لکاوە یاخود نا و کارلێکردن لەگەڵ بەکارهاتووەکان کێ بن لەهەر کوێ بن.**

هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی میدیای نوێ:

چەندین هۆکاری هونەری تەکنۆلۆژی و ئابووری و سیاسی لەپشتی دیاردەی میدیای نوێیەوە هەیە کە بریتین لە:

1 -هۆکاری هونەری تەکنۆلۆژی: خۆی لە گەشەکردنی بوارەکانی تەکنەلۆژیای مانگی دەستکرد و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئامێری کۆمپیوتەر و مەڵتیمەدیادا دەبینێتەوە، کە بووەتە هۆی نوێکردنەوەی میدیای کلاسیك و دەرکەوتنی میدیای نوێ و زەمینەیەکی لەباری بۆ گەشەکردنی بواری میدیا رەخساندووە و کارئاسانی بۆ سوود وەرگرتن و بەکارهینانی ئامرازە میدیاییەکان دروستکردووە، هەر بۆیە گەشەکردنی لایەنی تەکنیکی کارئاسانیەکی گەورەی بۆ بەکارهێنەرانی ئامرازە میدیاکان دروستکردووە، مامەڵەی ئاسان و هەرزانبوونی نرخ و خێرا بڵاوبوونەوەی تەکنیکەکانی بواری میدیا، ژینگەی میدیایی گۆڕیوە، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی پەیدابوونی ئەم میدیایەیە، کەبە میدیای نوێ ناوزەد دەکرێت .

2 -هۆکاری ئابووری کە بریتییە لە بەجیهانگیری ئابووری و ئەو داواکارییانەی کە خێران لە جوڵەی کاڵاو دەست مایەکان کە بەپێ ئەو رۆڵە خێرایی لەهەڵقوولانی زانیارییەکان رووبدات. ئەمەش تەنها ئەوە نییە کە زانیارییەکان دابەشـکراوێکی هاوبەشـن و پشـتیوانی هەموو چالاکییە ئابوورییەکان بەبێ هەڵاوێرکردن دەکات، بەڵکو بەوپێیەی هەر زانیارییەك خۆی

لەخۆیدا کاڵایەکی ئابووریە و رۆژ لەدوای رۆژ گرنگی زیاتر دەبێت. بە مانایەکی دیکە بەجیهانگیری ســیســتمی میدیاو پەیوەندییەکان بریتیە لە ئامرازێکی بەهێزی ئابووری بۆ بەجیهانگیری بازاڕو گەشــەســەندنی نەزعەیەکی بەکاربەر لەلایەك، و دابەشــکردنی کاڵای دروســتکردنی رۆشــنبیری لەمیوزیك و یارییەکان و پرۆگرامی تەلەفزیۆنەکانی لەلایەکی دیکە.

3-هۆکاری ســیاســی: کە بریتییە لە بەکارهێنانی زیاتری ئامرازەکانی میدیایی لەلایەن هێزە ســیاســییەکان بە مەبەســتی توندکردن لەسەر رێرەوی کاروبارەکان و پاراستنی جێگیربوونی تەرازووی هێز لەجیهانێك کە شڵەژانەکانی پڕ لەململانێ و هاودژەکان توندن، و بەشێوەیەك تێکەڵکێشییەك لەنێوان هۆکارە هونەری و ئابووری و سیاسیەکاندا هەیە، وای لە میدیای نوێ کردووە کە پرســێکی زۆر دڕکاوی و ئاڵۆز بێت، و گۆڕەپانێکی گونجاو و لەبارە بۆ ململانییە جیهانی و هەرێمایەتی و ناوەخۆییەکاندا.

4 -هۆکـاری کۆمەڵایەتی: دەبێتە هۆی گۆڕینی کەلتور و داب و نەریـت وڵاتـان وە دەبێتە هۆی گرنگیـدان بە پرســە کۆمەڵایەتییەکـانی هـاوڵاتیـان و هـانـدانیـان بەرەو بەکـارهێنـانی ئـامرازەکـانی میـدیـای نوێ بۆ وەرگرتنی هـەواڵـەکـان و زانیارییەکان چ نێوخۆیی(لوکالی) یاخود جیهانی وەك: پێگە هەواڵییەکان، لاپەڕەکانی میدیای کۆمەڵایەتی یان ئەپەکانی میدیای مۆبایل، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێوازی ژیانی خێرا پێویستی بە بەدەستهێنانی زانیاری هەیە بەشێوەیەکی ئاســانتر و خێراتر، هەروەها ئارەزووی جەماوەر بۆ بەســتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دۆســتانە کە بەبێ هەبوونی میدیای نوێ ناتوانن ئەم کارانە ئەنجام بدەن.

5- میدیا: هۆکارێکی دیکەی ســـەرهەڵدانی میدیای نوێ بریتی بوو لە لاوازی میدیای تەقلیدی(رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەڤزیۆن) لە ئاســـت روماڵی خێرای رووداوەکان و، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە جەماوەر، پاش بەرجەســـتەبوونی کۆمەڵگەی زانیارییەکان و، بچووکبوونەوەی جیهان بۆ گوندێکی بچووك هەروەك مارشـاڵ ماکلۆهان لە نیوەی دووەهەمی ســەدەی بیســتەم ئاماژەی پێکرد، کە ئەویش دەرهاوێشــتەی پێشــکەوتنی بەرچاوی تەکنۆلۆژیای نوێی گەیاندن و راگەیاندن بوو.

*ب/ پۆدکاست "یەکێکە لە و ئامرازانەی کە ئەمرۆ جێگای خۆی لە ناوی میدیا جیهانی بەگشتی و کوردی بە تایبەتی کردوتەوە، لە رێگەی ئەم ئامرازەوە پەیامە میدیایەکان دەگەین بە جەماوەرو کۆمەڵگە" . لە ژێر رۆشنایی ئەم دەربڕینە باسی ئەمانە بکە.*

*1- پێناسەی پۆدکاست*
*2- جۆرەکانی پۆدکاست*
*3- تایبەتمەندییەکانی پۆدکاست*

*وەڵام:*

پێناسەی پۆدکاست:

پۆدکاست یەکێکە لە ئامرازەکانی میدیای نوێی ژمارەیی، شێواز یان ڕێگایەکە بۆ بڵاوکردنەوەی زنجیرە بەرنامەیەکی تۆمارکراوی دەنگی و ڤیدیۆیی، کە ڕێگە بە بەکاربەران دەدات داونلۆد یان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەئاسانی گوێی لێبگرن.

یان تۆمارە ئەلیکترۆنییەکە برگە دەنگییەکان پەخش دەکات، وەك ئەوەی بەرنامەی کورتی تۆمارکراوی دەنگی بن، گوێگریش توانای خەزنکردنیان هەیە، تاکو هەر کاتێك ئارەزووی لی بیت گوێیان لی بگرێت.

یاخود دەتوانین بلێین پۆدکاست جۆرێکی میدیایەی نوێیە کە وەک ڕادیۆیەکی ئینتەرنێتی، لە شێوەی زنجیرەی تۆمارکراوە کە بە خۆڕایی پەخش دەکرێت، بەڵام دەتوانرێت دابەزێنرێت و لە هەرکاتێک بەکاربەر پێویستی پێیی بیت دەتوانێت گوێبیستی بێت.

جۆرەکانی پۆدکاست:

**1- پۆدکاستی دەنگیAudio podcast:**

ئەم جۆرە لە هەموو جۆرەکانی دیکە بەربڵاوترە، بریتییە لە فایلی دەنگی و ئەمانە لەخۆ دەگرێت: (موزیك و رادیۆ و هەواڵ)، بەڵام زۆرجار بە شێوازی فایلی mp3دەبێت، چونکە ئەم جۆرە شێوازە زیاتر لەگەڵ ئامرازەکانی کۆمپیوتەر و موبایلەکان دەگونجێ، تایبەتمەندیی ئەم جۆرە لە رووی دروستکردنی و قەبارەی بچووکی فایلەکانیەتی کە هەندێجار لە 10 میگا بایت کەمترە، و سەبارەت بە لایەنی نەرێنی ئەم جۆرە ئەوەیە کە ناوەرۆك و پەیامەکەی تەنها لەچوارچێوەی دەنگدایە.

2- ڤیدیۆ Video podcast:

دەستەواژەیەکە بۆ گەیاندنی ناوەرۆکی ڤیدیۆی لەرێگای ئینتەرنیتەوە بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئەم زاراوەیە بۆ جیاکردنەوەی پۆدکاستی دەنگی و پۆدکاستی ڤیدیۆی بەکاردێت کە پێی دەگوترێت ( podcast video)بە (vodcast)یاخود (vidcast) ئەم جۆرە پێویستی بە کاتی زیاترە لە پلان و بەرهەمهێنانەوە، وەکو هەر پرۆژەی بەرهەمهینانی ڤیدیۆی، و قەبارەی فایلەکانی ئەم جۆرەیان گەورەترە کە لە100 میگا بایت زیاترە، بۆیە پیویستی بە ئینتەرنێکی خێرایە بۆ هەڵگرتنی (تحميل)، شیوازەکانی بریتین لە جۆری m4vیان .mp4

3–دەنگ و وێنەی جێگیرکراو: Enhanced podcast

ئەم جۆرەیان کۆکراوەیە لەنێوان هەر دوو جۆری دەنگ و وێنەی جێگیرکراو Audio and still images، بە هەمان شێوەی سلایتەکانی پاوەرپۆینت وایە، لەم جۆرەیان تاکەکان بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن ئەو برگەیە هەڵبژێرن کە ئارەزوویان لێیەتی و راستەوخۆ بچنە سەر ئەو برگەیە، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە کە ناوەرۆکەکەی بە شێوەی بینراو و بیستراو پێشکەش دەکات و بە هەمان قەبارەی پۆدکاستی دەنگی کە زۆر بچووکترە لە پۆدکاستی ڤیدیۆیی.

4–وێنە: Photos podcast

لە بەناوبانگترین پێگە کە ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکات بریتین لە پێگەی Flicker و پێگەی.Photobucket

**تایبەتمەندییەکانی پۆدکاستPodcasting**

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پۆدکاست :

1- پابەند نییە بە کاتێکی دیاریکراو: دەتوانی هەر کات و ساتێك کە بتەوێ گوێی لێ بگریت، ئەو تۆمارە دەنگییانە پابەند نین بە کاتێکی دیاریکراو، هەروەها بەکاربەر ناچار نییە تەنها لە کاتێکی دیاریکراودا گوێی لێ بگریت، بۆ نموونە وەکو پرۆگرامەکانی رادیۆ. دەتوانی هەر کاتێك و لەهەر کوێیەك ئەو تۆمارە راگریت و دوایی و لەکاتێکی دیکەدا کە خۆت پێت گونجاوە گوێی لێ بگریتەوەو تەواوی بکەیت. و دەتوانیت ئەو تۆمارە دەستکاریش بکەیت و بیبەیتە پێشەوە یان بۆ ئەو شوێنەی کە خۆت پێت خۆشە و هەموو ئەوانەش بازدەی کە پێت خۆش نییە گوێت لێی بێت.

2-جێبەجێکردنی ئاسانە:دروستکردنی تۆمارێکی دەنگی یاخود وێنەیی پێویستی بە کەرەستەو ئامراز زۆرناکات.

3- فرە بوارە: ئەو پرۆگرامانەی کە بەشێوەی بۆدکاست تۆمارکراون لەهەموو بوارەکاندا نایەتە هەژمارکردن ئەوەندە زۆرن، هەر لە زانستی سروشت، سیاسەت، ئابووری، دەروونناسی، تەکنۆلۆژیا، هەواڵ، زمان، میوزیك، ئایین، کات بەسەربردن، و هەرچی بە خەیاڵت دێت، هەر دەرگایەك بدۆزیتەوە چەندان کەس پێی هەڵدەستن، وا کراوە کە هەر کەسەو گوێ لەوە دەگرێت کە دەیەوێت.

4- بەشداریکردنێکی ئاسان: زۆر بەئاسانی دەتوانی بەشدار بیت لەو کەناڵە تۆمارکراوانە، تەنها کلیك لەسەر دوگمەی بەشداریکردن دەکەیت، و لەگەڵ بەرهەمهێنانی هەر تۆمارییەك راستەوخۆ دەگاتە دەستت، ئەوەش بەو ئامرازە دەبێت کە پێی دەگوترێت کۆکەرەوەی بۆدکاست کە هەڵدەستێت بە وەرگرتنی تۆمارە دەنگی و بینراوەکان و گوێگرتن و بینینیان لەهەر کاتێك تۆ دیاری دەکەیت.

5- ئاسان مامەڵەی کردن: دەتوانی ئەو تۆمارە دەنگی و بینراوانە هەڵبگریت لەسەر بەکارهێنەری (mp3 Player) یاخود لەسەر هەر ئامێرێکی (ئایپۆد)، یان ئامێری کۆمپیوتەر، مۆبایلەکان و ...تد ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان.

6- بەخۆڕاییە: زۆربەی هەرە زۆری پۆدکاستەکان خۆڕایین (مجاني) و دەتوانی زۆر بەئاسانی دەستت بکەوێت.

**20. تێبینی تر**

لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند وشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.